## Hate Crime – What you need to know – (Kurdish)

تاوانی ڕق لیٚبوون چییە ؟

یاسای سکۆتلەندی پێناسەی تاوانی ڕق لیٚبوون دەکات وەکو تاوانێکی ئەنجام دراو دژی کەسێك یان موڵکێك کە هانی ڕق لیٚبوون بدات دژ بە گروپێکی کۆمەڵایەتی . ئەگەر تۆ قوربانی تاوانێك بوویت و لەو باوەڕەشدا بوویت کە لەبەرئەوە بوە کە هەست کراوە بەوەی کە یەکێك بوویت لەناو ئەو گروپانەی خوارەوە کە ناو براون ، ئەوا تۆ بە قوربانی تاوانی ڕق لیٚبوون دادەنرێیت .

ئەو گروپ و بەشانەی کە تاوانی ڕق لیٚبوون  دەیان گرێتەوە لە دادگاکاندا بریتین لە:

- ڕەگەز
- ئایین
- حەزی سێکسی
- ناسنامەی سێکس گۆڕراو (لە کورەوە ببێت بە کچ یان بە پێچەوانەوە)
- کەمئەندامی

تاوانی لیٚبوون چەند شێوەیەك لە خۆی دەگرێت ، بەڵام سنووردار نەکراوە بۆ:

- پەلاماردانی جەستەیی
- تاوانی خراپکاری بە موڵکێك یا باڵەخانەیەك وەکو لەسەر دیوار نووسین، سووتاندن ، خراپکاری
- هەڵسوکەوتی تۆقاندن و هەڕەشەکردن بە تەلەفۆن بۆکردن بە بەدڕەوشتی و بە ئیشارەت جنێودان
- تاوانکاری بە نووسین وەکو نامەنووسین ، بڵاوکراوە ، پۆستەر
- خراپکاری بە قسە یان جنێودان کە ئەویش ناووناتۆرە لێنان یان تاوانی گاڵتە پێکردن دەگرێتەوە
- بریندار کردنی هەست و سۆز و ئازاردانی دەروونی
- شەڕفرۆشی و کەڵەگایی کردن
- کوشتن

ئایا دەبێ چی بکەیت کاتێ تووشی تاوانی ڕق و کینە بوویت یان شایەتی بۆ بدەیت؟

 کاتێ تووشی تاوانی ڕق لیٚبوون بوویت یان شایەتی بۆ بدەیت ، گرنگ نیە ئەگەر لەسەر شتێکی پروپوچیش بێت یان لات زۆر گرنگ نەبێت ، سکاڵایەکەت زۆر بە جدی وەر دەگیرێت. سکاڵای ڕووداوەکە لای پۆلیس تۆمار بکە ئەویش بەمانە:

- بە شەخسی ، بەتەلەفۆن یان بە نامە
- بە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لە بەشی سکاڵا تۆمارکردن لە ماڵپەڕی پۆلیسی ستراتکلاید .
- بە ڕێگای سەنتەری سکاڵا تۆمارکردن لای لایەنی سێیەم

### لە بیرت بێت – لەکاتی پێویستی بە پەلە هەمیشە تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکە بۆ ژمارە 999

سکاڵا تۆمارکردن لای لایەنی سێیەم چییە ؟

زۆر لە خەڵك ، لەبەر هۆی جیاواز ، دوو دڵ و ڕاڕان لە تۆمارکردنی سکاڵا لای پۆلیس بە ڕاستەوخۆیی . جا سکاڵا تۆمارکردن لای لایەنی سێیەم ڕێگایەکی گرنگە بۆ سکاڵا تۆمارکردن . سەنتەرەکانی تۆمارکردنی سکاڵا لای لایەنی سێیەم بریتین لە ئەو ئاژانس یان ڕێکخراوانەی

که ڕۆڵی لایەنی سێیەم دەبینن سەرەڕای ئەو خزمەتگوزاریانەش کە بە شێوەیەکی ئاسایی پێشکەشی دەکەن.
سکاڵا بۆ تاوانی ڕق لێبوون لەلایەن قوربانیان یان شایەتەکان دەتوانرێ تۆمار بکرێ لە سەنتەرەکانی تۆمار کردنی سکاڵا لای لایەنی سێیەم لە گلاسگۆ . ئەوانیش تەنها دوای ڕەزامەندیت زانیاریەکانت لەجیاتی تۆ دەدەن بە پۆلیس. پۆلیس دواتر داوای لێ دەکرێ بۆ ئەوەی کار لەسەر ئەمە بکات ئەگەر ڕاپۆرتەکەیان ڕاستەوخۆ لێت وەرگرت. ڕاپۆرتەکەت بە نهێنی دەپارێزرێ وە دەشتوانیت ئەگەر حەز بکەیت چەند بکرێ زانیاریەکی کەم دەربارەی کەسایەتیت بدەیت. سەنتەرەکان مەشق و ڕاهێنانی تەواویان وەرگرتوە و دەتوانن هەر ئامۆژگاریەك یان پشتگیریەکی زیاترت پێویست بێت پێت ببەخشن .
بۆ دیاریکردنی سەنتەرێکی سکاڵا تۆمارکردنی لایەنی سێیەم کە نزیك بێت لە شوێنەکەت یان سەنتەرێکی دیاریکراو هەیە کە پەیوەستە بە نیگەرانیەکانت ، ئەوا تکایە سەیری دیوی دواوەی ئەم بڵاوکراوەیە بکە.

چۆن دەتوانم لەسەر ئینتەرنێت سکاڵا لای پۆلیس تۆمار بکەم ؟

هەندێك جار خەڵك وا هەست دەکەن کە سکاڵا تۆمارکردن لای پۆلیس ڕاستەوخۆ بەتەواوی بە نهێنی دەپارێزرێت بەڵام لەوانەیە حەز نەکەن بچن بۆ ئۆفیسی پۆلیس یان کارمەندێکی پۆلیس سەردانیان بکات. بۆ ئەمەش بەشی سکاڵا تۆمارکردن لەسەر ئینتەرنێت ڕێگات پێدەدات کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و نهێنی سکاڵا لای پۆلیس تۆمار بکەیت. سکاڵایەکە دەتوانیت ئەگەر حەز بکەیت بە تەواوی بێ ناو بێت. بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر ئینتەرنێت دەتوانیت سەردانی ماڵپەڕی www.strathclyde.police.uk بکەیت وە کرتە بکە لەسەر بەستەر یان لینکی سکاڵا تۆمار بکە Report a Crime ئینجا کرتە بکە لەسەر تاوانی ڕق لێبوون Hate Crime .

بۆچی سکاڵا تۆمار دەکەیت دژی تاوانی ڕق لێبوون ؟

لەبەر چەند هۆیەك سکاڵا تۆمارکردن دژی تاوانی ڕق لێبوون گرنگە:

- ئەگەر قوربانیەك بیت دەتوانیت ئامۆژگاری و پشتگیری تەواو وەربگریت
- یارمەتی پۆلیس دەدەیت بۆ بنیاتنانی وێنەیەك دەربارەی سروشت و ڕادەی تاوانی ڕق لێبوون لەناو کۆمەڵگایەکەت و لە گلاسگۆ.
- هاریکاری دەکەیت بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی ئەو کێشەیە و دەبێتە هۆی هەڵسوکەوت گۆڕین.
- زانیاریەکەت دەتوانێ ببێتە هۆی دەستگیرکردنێك یان تاوانبارکردنێك.

ئەگەر ئەم دۆکیومێنتەت ویست بە شێوەیەکی تر یان بە زمانێکی تر تکایە پەیوەندی بکە بە کۆمیونیتی گلاسگۆ و خزمەتگوزاریەکانی ئارامی بە ژمارە تەلەفۆنی 0141276747